سەید حەکیم: یەکێتی چوارچێوەی هاماهەنگی و پاراستنی ئەموونی پێویستە بۆ سەقامگیری ولات و تێپەڕکردنی قەیرانەکان



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هەزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پیشوازی لەنوێنەری نووسینگە سیاسییەکانی هەزەکانی چوارچێوەی هاماهەنگی کرد و لەگەڵ ئەوان باسی پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرا و سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە ئەو ڕکابەریانەی ووبەووی عێراق دەبێتەوە بۆتایبەتی ڕکابەری ئابووری بۆهێی ڕووداوەکانی ناوچەکەیە و هیوای خواست زوو کۆتایی پێبێت.

بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر یەکگرتوویی چوارچێوەی هاماهەنگی و پاراستنی ئەم ئەزموونە دووپاتکردەوە، کە بەشداری لە سەقامگیری وڵات و پێکهێنانی حکومەت و تێپەڕاندنی قەیرانەکان دەکات.

.

بەڕێزیان ئاماژەی بە گرنگی پاراستنی پێوەندی نێوان فەرمانگە سیاسییەکانی هەزەکانی چوارچێوەی هاماهەنگی کرد، لەگەڵ تاوتوێکردنی پرس و پێشهاتە جەراوجەرەکان، بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە یەکخستنی دیدگاکان و لێک نزیککردنەوەی بۆچوونەکان.

.. سەماحەتی ڕوونیشیکردەوە، کە دوای کۆتایهاتنی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی بە بەرنگاربوونەوەی داعش، بەرپرسیارێتی ئەمنی و کەمایەتی دوو هێندە بووە، جەختیشیکردەوە لەسەر پێویستی ناردنی پەیامی دڵنیایی لەنێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق، بەتایبەتی لە گەورەترین پێکهاتەوە بەرەو پێکهاتەکانی دیکە..

سەید حەکیم پشتگیری خۆی بۆ حکومەت نوێکردەوە لە هەنگاوەکانی ڕووبەووبوونەوەی ئاستەنگە ئابووریەکان و هەوڵەکانی بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی تەواوکردنی کابینەی حکومەت لەگەڵ کاندیدی لێهاتوو کە توانای بەڕێوەبردنی پێستەکانیان هەبێت لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەنگەکانی ئێستادا..

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی کێشەی چێک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و لێخۆگرتنی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم نازناوە بەدی دەکەن، لەگەڵ پێویستی بەهادان و پاراستنی پێگەی ئەو کوتلانەی کە بەشداربوون لە تێکشکاندنی تیرۆر و ڕزگارکردنی خاک، و پاراستنی ڕێکەکانیان...